# له نێوان (دوكتۆر گلاس) و (تاوان و سزادا)

## ڕامانێك له ڕەوایەتی كردەی كوشتن و ئەركی مۆڕاڵ

نووسینی/ ئارام شێخ وەسانی
Aram_msh@yahoo.com

له ڕۆمان دا زۆرجار بیرۆكه و فیكر و تەنانەت تەكنیك و ستایلی هاوشێوە دووبارە دەبنەوە. بیروڕا سەبارەت بەم بابەتە دوو لایەنەیە, بەشێك خەڵك بەرهەمەكان بە داهێنان ناو نابەن و بەڵكوو بەلاسایكردنەوە ئەژماری دەكەن, بەشێكیش له خەڵك و نووسەران بڕوایان وایە كه كێڵگەی ئەدەب موڵكی هیچ كەسێك نییه و دەكرێت بە ستایلی یەكتر و بە فیكری یەكتر كاریگەربین و شتی جیاواز بەهۆی ئەو كاریگەر بوونە بخوڵقێنین. بەدیدی من تێفیكرینی كۆمەڵەی دووەم تەندرووستترە,وەلێ دەبێت ئەوەش ڕەچاو بكرێت كه زۆر بەرهەمی ئەدەبی هەیە دەقاودەق لەهەموو ڕوویەكەوە كۆپییە, ئێمە قسەمان لەسەر ئەو جۆرە نییه بەڵكوو مەبەستمان كاریگەر بوونە. ڕۆمانی (تاوان و سزا) ی دیستۆفیسكی یەكێك لەشاكارە هەرە جوانەكانی ئەو نووسەرە و دنیای ڕۆمان. نووسەر بەڕوونی لەم ڕۆمانەدا ئیش لەسەر چەند پرسێكی كۆمەلایەتی و ئاینی و فەلسەفی دەكات. پرسی كوشتنی پیرەژنێكی سوخۆر گرێیەكی گەورەیی ڕۆمانەكەیە. ڕەوایەتی بەخشین بە كوشتن و دواتر جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی ئەو كوشتنە هەڵەیە نەك تاوان, بازنەیەكی فیكری لای هەموو بخوێنێك دروست دەكات. ڕاسكۆلینكۆفی پاڵەوانی (تاوان و سزا) گومانێك لای هەمووان چێ دەكا ئەویش ئەوەیە : ئایا دەكرێت هەندێك مرۆڤ بەهۆی نامۆڕاڵی له ئەخلاقیان یاخود بەهۆی ڕێزنەگرتن لەسروشت و جوانی ژیان حوكمی ئەوەیان بەسەردا بدرێت كه بمرن بەبێ ئەوەی ئەو مردنە هیچ دەرونێك ئازار بدات؟ ڕەنگە كارەكتەری ڕاسكۆلینكۆف و فیكری ڕەوایەتی بەخشین بەكوشتن له( تاوان و سزا) نەگەیشتبێتە كۆتای, بەڵكو ئەوە تەنها سەرەتایەك بێت بۆ ورووژان و

نووسینگەلێکی دیکە لەو بارەیەوە, بەتایبەت شیکردنەوەی کۆدە ئەخلاقییەکانی ئەم بابەتە, هەیمەنەو ئەهمیەتێکی باڵای هەیە.

## 2

کاتێك دیستۆفیسکی لەساڵی 1881کۆچی دوای دەکات, نووسینەکانی ناوبانگی زیاتر و شرۆڤە و خویندنەوەی جیهانی لەخۆیان کۆدەکەنەوە. ئەدەبی کۆمەڵگەی سویدی وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەبابەتی شیکاری فیکرو شیکردنەوەی ئەدەب , خاوەنی نووسەری هەڵکەوتوون. نووسەر هەیە تەواوکەری نووسەرێکی دیکەیە. بنووس هەیە لەژێر کاریگەری جۆرە ئایدیا و تێڕامانێکی سنووردار بەرهەمی باڵا دەئافرێنێت. (یەڵمار سۆدێرباری) نووسەرێکی سویدییە, ئەو تەمەنی دوانزە ساڵان بوو کاتێك دیستۆفیسکی کۆچی دوایکرد.چواردە ساڵ پاش مردنی دیستۆفیسکی,واتا لەساڵی 1905ڕۆمانێکی بڵاوکردەوە بەناوی(دوکتۆر گلاس), ئەم ڕۆمانە بەیەکێك لەکارە هەرە بەپێزەکانی نووسەر ئەژمار دەکرێت کە لەکۆمەڵگای سویدی و بەشێکی ئەورووپاش دەنگدانەوەی هەبوو. ئەم ڕۆمانە بەهەمان بیرۆکەی کاریگەربوون, بە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی (ڕەوایەتی بەخشین بەکوشتن) دەستپێدەکات. بیرۆکەی کارەکە زۆر نزیکە لە بیرۆکە و ڕامانی دیستۆفیسکی, ئەوەش بەشاراوەیی نەماوەتەوە بەڵکوو ئەو کاریگەر بوونە لای نووسەر جێگەی شەرم و شاردنەوە نییە و خۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کە کاریگەر بووە بە کارەکتەری ڕاسکۆلینکۆفی (تاوان و سزا). نووسەر ئەو ڕامان و شرۆڤە گەورەیەی کە ڕۆمانی (تاوان و سزا) وەخۆیدەگرێ وەك پاڵپشتییەك بۆکارەکەی بەکاریدەهێنێت. لێرەوە بابەتی کاریگەربوون بەتەواوی دەسەلمێت. ئەوەی گرینگە شێواز و زمانی نووسینە. دەکرێت ئێمە لە بیرۆکەو ڕامان کاریگەربین بەیەکتر بەڵام بابەتی لێهاتووی زمان و دەربڕین کاریکی ئەستەمە. ئەوەش بەو مانابییەی کە دەبێت بنووس خاوەنی زمان و شێوازی خۆی بێت بۆ دەربڕین و گەیاندنی

فیکرەکان. یالمار لەناو کۆمەڵگەی سویدی گەورە بووە. کاریگەرە بە ژینگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی سەدە و دەوروبەر . ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێ تێرامان و بیرکردنەوە کاریگەربن بەڵام نەشیاوە زمان و شێوازی دەربڕین کۆپی بکرێت.

3

دوکتۆر گلاس پاڵەوانی ڕۆمانەکە بیرۆکەی کوشتنی قەشەیەك لەناخیدا ڕۆژ دوای ڕۆژ دنەی دەدات. کوشتن بە هەموو ڕەهەندێکییەوە تراژیدیایە, وەلی لای دکتۆر گلاسی (یالمار) و ڕاسکۆلینکۆفی (دیستۆفیسکی) هەوڵێك هەیە بۆ شاردنەوەی ڕەهەندە تراژیدیەکانی کوشتن . لەتاوان و سزادا پاڵەوان پیرەژنێکی سووخۆر دەکوژێت ڕەوایەتی کوشتنەکەش بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە. دوکتۆر گلاس لەڕیگەی پیشەی دوکتۆرییەوە بە خێزانی قەشە (گریگۆریوس) ئاشنا دەبێت. دواتر بەهۆی ئەوەی دەبێتە پزیشکی خێزانی ئەو ماڵە ئەوا زۆرینەی نهێنیەکانی ئەو ماڵە دەزانێت, دوکتۆر دەزانێت کە قەشە ئافرەتێکی زۆر بەتەمەن لەخۆی بچوکتری کردۆتە هاوسەری خۆی و بەردەوام ئازاری دەدا. ئەو چاودێری ئەو ئازارانە دەکات, وێرای ئەوەی کە عەشقێکی نووستووش لەدڵیدا بەخەبەردێت بەرامبەر بە خاتوونی قەشەکە. ئیتر ڕووداوەکان بەردەوام دەبن تاوەکوو دوکتۆر دەگاتە ئەو بڕواییەی کە بۆ ئەوەی بەو عەشقەی بگات دەبێت قەشە بکوژێت. لەگەڵ بیرکردنەوەو ڕامان و دایەلۆگێکی فراوانی نێوان خودی دوکتۆر و دەروونی دوکتۆر, ئەو بڕیارە جێ بەجێ دەکات و بەهۆی حەبێکی کوژەرەوە قەشە دەکوژێت, لە کۆتایشدا ئەو ئامانجەی بێ بەها مایەوە و هەرگیز خاتوونی قەشە نەبووە واقیعێك لەژیانی ئەودا و لەم کارەدا هیچی بۆ نەمایەوە. ئەوە گرێی سەرەکی ڕۆمانەکەیە زۆر بەکورتی. لێرەوە یەکسەر دەتوانین قسە لەسەر زۆرێك میتۆدی هاوبەش بکەین لەنێوان ئەم کارەی (یەڵمار) و (دیستۆفیسکی).هەروەها بۆ نووسەرانی کورد ئەوە باشترین نموونەی کاریگەربوونی ئەدەبە بەئەدەبێکی دیکە, بەبێ ئەوەی کەس بڵێت یەڵمار دزی

ئەدەبی کردووە. بەداخەوە لە کوردستان ئەگەر نووسەرێك کاریگەر بێت بە نووسەرێکی دیکە و فیکر و بیروڕای کەمێك درێژەدان و ئیشکردن بوو بەئاراستەی فیکری هاوشێوە, ئەوا تۆمەتی جۆراوجۆر و ناپەسەندی ئاراستە دەکرێت, کە لەدنیادا ئەوشتانە بەم تەرزەی لای خۆمان نییە.

4

بۆ ئەوەی قسە بکەین لەسەر ڕەوایەتی بەخشین بەکوشتن دەبێت بەر لەهەر بیرکردنەوەیەك ئاخفتن لەبارەی مۆراڵەوە بکەین. لێرەوە بە چەند پرسیارێك باسەکە دەوروژێ, ئایا کردەی کوشتن بەگشتی کردەیەکی نامۆڕاڵییە؟ یاخود دەکرێت هەندێك جۆر کوشتن هەبن لەپێناو گێڕانەوەی مۆڕاڵدا؟ ئایا خودی مۆڕاڵ ئەوە دەهێنێت کە بکرێتە بەهانەی سەندنەوەی ڕۆح لەمرۆڤێك کە تۆ پێت نەبەخشیووە؟ ئەگەر بەکورتی وەڵامی هەر پرسیارێك لەوانە بدەینەوە دەگەینە چەند ڕاستییەك وەلێ ناگەیینە وەڵامی بنبەست بۆ ئەم پرسیارانە, چونکی ئەو بابەتانە تائێستاش بەکراوەیی ماونەتەوە. هەروەها ئەوەی تائێستا وتراوە لەبارەی مۆڕاڵی ئەو جۆرە کوشتنەی کە لە ڕۆمانی (تاوان و سزا و دوکتۆر گلاس)دا هەیە شتێکی یەکلاکەرەوە نییە جگە لە بیروڕایەك کە دەکرێت پەسەند بێت یاخود ناپەسەند. لە ڕۆمانی تاوان و سزا بابەتی کوشتن و مۆڕاڵی کوشتن بەبابەتێکی ئیمانی دەبەسترێتەوە. بەڵام لە ڕۆمانی دوکتۆر گلاسدا تێگەیشتن لەمۆڕاڵ لە ڕوانگەی کەسەکان دەبێتە بنەما بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە کردەی کوشتن, ئەمە وێرای ئەوەی دوکتۆر گلاسیش ناتوانێت لەبەر هەندێ بابەتی ئیمانی هەڵبێت بەڵام بەبۆچوونی گلاس, یاسا ڕێگری تەواو لەو کارە دەکات بەهەر بەهانەیەك بێت,بەڵام ئەو دەڵێت(هیچ مرۆڤێکی بەویژدان لێ ناگەڕێ یاسا بڕیار لەسەر شێوازی ڕەفتاری بدات).لا 104

ئەگەرچی لە ڕۆمانەکەی( یالمار) بەکەمی بابەتی ویژدان و ئیمان بەرباسدراوە بەڵام ئەگەر بە ڕستەیەکیش بێت هاوڕابوونی خۆی دەرخستووە لە گفتوگۆ ئیمانییەکەی ڕاسکۆلینکۆف.

ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق بەگشتی یەکێکە لەبابەتە ئاڵۆز و سەرنجکێشەکانی دنیای نووسین. لە فیکری یالماردا ئەخلاق لە ڕەوشێکی ناجێگر دایە. ئەوەش بەو مانایەی کە لەکاتی کردەی کوشتنی کەسێك جۆرە مۆراڵکمان هەیە و لەکاتێکی دیکەدا مۆراڵکی تر.هەروەك دەڵێت(مۆراڵ لە ڕەوشێکی بزۆزدایە,مۆراڵ هەتا لەو ساتە وەختە خێرایانەی ئێمە لە دنیادا دەژین ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دیار بۆتەوە),هەر لەهەمان لاپەردا بیروڕاکانی نووسەر سەبارەت بە مۆراڵ تۆختر دەبن و دەڵی:(مۆراڵ تێڕوانینی خەڵکانی ترە لەبارەی ئەوەوە کەچی ڕاستە) لا105.

نووسەر بەباشی تەوزیفی بابەتی مۆراڵ دەکات لەپێناو ڕەوایەتی بەخشین بەکردەی کوشتن. ئەم وتەیەی سەرەوە مانای ئەوەیە کە مۆراڵی کردەی کوشتنی قشەیەکی ستەمکار بەسەر ئافرەتێکەوە مۆراڵکی درووستە.لەلایەکی دیکەوە نووسەر بەڕوونی مۆراڵ وەك پاڵپشتیەك بۆکردەکە بەکار دەهێنێت. دەکرێت ئێمە بەهۆی ئەو ڕێپێدانە مۆراڵیانەی خۆمان چی بەباش دەزانین بیکەین. وەڵێ ئەوەی بەگرینگی دەمێنیتەوە ئەوەیە ئایا ئەوە تاچەند ڕاستە کە مرۆڤ ئەوەندە خۆویست بێت مانای مۆراڵ لەخۆیدا کۆتای پێبهێنیت. ئەو بابەتە فیکرییەی زۆر بەباشی لای نووسەر جێگەی گومان و گفتووگۆیە. نووسەر گفتوگۆیەکی دروستکردووە لەنێوان پاڵەوان و دەروونی پاڵەوان.بەردەوام بیرکردنەوەی پاڵەوان بۆکوشتنی قەشە بیرکردنەوەیەکی دایەلۆگئامێزە هەر بەو هۆیەشەوە دەگاتە بڕوای ئەوەی کە کردەی کوشتنی قەشە بۆ بەدیهاتن و لادانی ستەم لەسەر ژیانی کەسێکی دیکە کردەیەکی ئەخلاقی ڕەوایە. نووسەر خۆی ئەوە ناشارێتەوە کە نایەوێت پاڵەوانەکەی وەك پاڵەوانەکەی دیستۆفیسکی لەدوای کردەی کوشتنەکەوە بکەوێتە ژێر تارمای و عەزابی بیرکردنەوە لەو تاوانە, تەنانەت لە ڕۆمانی دوکتۆر گلاسدا ناوی ڕاسکۆلینکۆف هاتووە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە دەکرێ مرۆڤێکی جیاوازتر لە پاڵەوانی (تاوان

وسزا)  هەبێت و بەقەناعەتەوە کردەی کوشتن ئەنجامبدات و ترسیشی لە خەون و تەلیسمی بیرکردنەوەی دوای کوشتنەکە نەبێت.لە ڕۆمانی (دوکتۆر گلاس) نووسەر ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ژیانی مرۆڤایەتی بەدەر نییە لە بیرۆکەی تێنەگەیشتن لەدنیا و ئەو رایدەگەیەنێت(ئەی ژیان من تێت ناگەم).ئەوەی زۆر بەلای منەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر لەپاڵ ئەم چیرۆکەدا بەهای ئەخلاق کەمدەکاتەوە و بیٚ باوەڕی خۆی لەمەڕ ئەخلاق و داونەریت دەردەبڕێت.

5

لە ڕۆمانی (دوکتۆر گلاس), عەشق و خۆشەویستی وەك کەرەستەی سەرەکی ئەنجامدانی کردەی کوشتنەکە دەبینرێن. ڕۆماننووس لەسەرەتاوە کارەکتەرەکەی بەجۆرێك نیشاندەدات کە کێشەی ئەوینی هەیە. ئەو ئەگەرچی پێشتر ئەزموونێکی ڕاستەقینەی عەشقی نییە, کە چی لەناکاوێکدا وەك عاشقێکی تاك لایەنە دەکەوێتە بیرکردنەوە, پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێت(هیچ شتێك وەك ئەوە مرۆڤ سوك و بچوك ناکاتەوە کە سوڕ بزانێت کەس عاشقی نییە)لا75 .

ئەو تەرزە تێڕامانە لە عیشق مرۆڤ هاندەدات بۆ ئەوەی خولیا و مەیلی بکەوێتە گەڕان بۆدۆزینەوەی حاڵەتێك لە عاشقبوون.ئەو وتەیە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە کەکەس عاشقی نییە, زۆرجار مرۆڤ کە کەوتە حاڵەتی خۆ بەکەمزانین ئەوا پەنا دەباتە بەربیرکردنەوەی جۆراوجۆر.ئەوەی جێگەی سەرنجە لای من وەك خوێنەرێك جۆرێك لە بێمانابیە(ئەبسێردتی), ئەم بێمانابیە لەژیان و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا لەسەردەمی نووسەرە مەزنەکانی قوتابخانەی ئەبسێرد کە بە ڕابەرایەتی (ئەلبیرت کامۆ وسارتەر و ساموێل بێکت, یوژین یونیسکۆ..تاد) دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.لێرەدا تەنها ویستمە بڵێم کوشتنی قەشە لەپێناو خۆشەویستیەکی تاك لایەن و ناگەرەنتی جۆرێکە لە بێمانایی.وەلیٚ ئەوە لە دیووێکی چیرۆکەکەوە بەلاٚم گەر لە دیووی مۆڕاڵ و بیرکردنەوە نەریتخوازییەکان, ئەوا بێمانایی نییە بەڵکوو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ژیانە. لێرەشدا بەهەمان شێوەی بەراوردکاری ڕابردوو جارێکی دیکە کارەکتەری

ڕاسکۆلینکۆف و دوکتۆر گلاس دەکەونەوە بەراوردکاری. ڕاسکۆلینکۆف لەپێناو ئیمان و دادوەری و مۆڕاڵدا کردەوەی کوشتنەکە ئەنجامدەدات, کەچی لای گلاس کوشتن لەپێناو عەشقێکی شەرمنانەی تێکشکاوە و بێ ئەنجامە, ئەوەش خاڵی جەوهەری جیاوازییەکانە کە ڕاسکۆلینکۆف سزادەدرێت وەك جۆرێك لە عەدالەت بەڵام دوکتۆر گلاس بەبێ هیچ سزایەك دەمێنیتەوە.بابەتێکی دیکەی گرینگ لەڕۆمانی دوکتۆر گلاس قسەکردنە لەبارەی بەختەوەری, گەڕان و بەرباسدانی بەختەوەری و بەستنەوەی بە بابەتی خۆشەویستی و خۆشگوزەرانی ژیان واتاگەلێکی زۆر دەگەیەنێت. نووسەر لەبارەی بەختەوەرییەوە دەڵێت:( بەختەوەری دەرەنجامی شتێکە کە هەرکەسێك لەهەلومەرجێکی خۆیدا زێدە خواستراوە بۆی).لا88

هەروەها لە تێڕامان و وردبوونەوەیەکی تردا لەبارەی بەختەوەرییەوە دوکتۆر دەڵیت:( ڕەنگبێ بەختەوەرییە قووڵەکە دواجار لەو وەهمەدا بێت کە مرۆڤ بەدوای بەختەوەریدا نەگەڕێت).لا89

ئەم دوو تێڕامانە لەبارەی بەختەوەری کلیلن بۆ کردنەوەی باسێکی مەزن سەبارەت بە بەختەوەری, دواجار ئێمە کە کردەوەیەك ئەنجامدەدەین دابەشدەبین بۆ دوالیزمییەکی ڕەها,کە بەختەوەری و بەدبەختییە, هەوڵی پلەیەکی ئێمەش گەڕانە بەدوای بەختەوەرییەکدا کە نازانین چۆنە. هەروەها کێشەی کوشتنی قەشە لە (دکتۆر گلاس) و کوشتنی پیرەژنەکە لە ( تاوان و سزا)دا هەوڵە بۆ دۆزیینەوەی بەختەوەرییەکی شاراوەو ودەروونی.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵیم سەبارەت بە وەرگێڕی کوردی ڕۆمانەکەیە. ڕۆمانەکە لەلایەن (دلاوەر قەرەداغی)ی ئەدەبدۆست, لەسویدییەوە بەکوردی کراوە. من تا ڕادەیەکی زۆر لە وەرگیرانەکە و زمانی وەرگێڕ ڕازیم. هەروەها بەردەوام ئارەزوو دەکەم ئەو وەرگێڕانانە بخوێنمەوە کە ئەدیبەکان ئەنجامی دەدەن, چونکە دڵنیا دەبم لە جوانی زمان و جوانی وشەکان.

سەرچاوە:

1.ڕۆمانی (تاوان و سزا) وەرگێڕانی لە فارسییەوە/ڕەووف بێگەرد/دەزگای سەردەم

2.ڕۆمانی(دوکتۆر گلاس) وەرگێڕانی لە سویدییەوە / دلاوەر قەرەداغی/دەزگای ئاراس/2009